# بیرەوەری یەكانی
# زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی

لە هەولێری خۆشەویستم ، كتابەكی ترم خوێندەوە ، ئەویش بیرەوەری یەكانی مامۆستا زرار سلێمان بەگ بوو . لە پیرە هەولێرێ بەبێ كارەبایی، لە جیاتی سەیركردن و خوێندنەوەی بابەت و رۆژنامە،لە سایتەكانی ئینترنێت ، ناچاردەبیت دەست بۆ كتابان ببەیت وخەریكی خوێندنەوە بیت بۆ ئەوەی خۆت لە نووستنی نیوەڕۆیان رزگار بكەیت . لە ستۆكهۆڵم ، ئینترنێت كاتێكی زۆرم لە كیس دەدا و لە كتاب خوێندنەوە تەمەبڵم دەكات ، ئەگەرچی قەڵمان هەر لەو كتابانە دەدەم كە دەمەوێت بیخوێنمەوە یا حەز بە خوێندنەوەی دەكەم .زۆر جاران بە دایكی منداڵانیش دەڵێم ئەگەر من هەردووچاوم كوێر بێت و ئیتر بۆم نەكرێت بخوێنمەوە واتە مردووم و حەز ناكەم یەك رۆژ زیاتر لە دوای كوێر بوون بژیم .حەزم لێ نی یە كتاب بۆم باس بكرێت یان بۆم بخوێندرێتەوە. حەز دەكەم بۆخۆم سەیری بكەم و بیخوێنمەوە و سەرنجەكانی خۆشم تۆمار دەكەم . لە بابەتی پێشوو باسی ئەو كتابە نازدارانەم كرد بوو كە تۆزیان لێ نیشتووە و خوێندەواری لە هەرێمی كوردستان كەمە . ئەو دوو زلحیزبە هیچ
















بەرنامەیەكی رۆشەنبیری نی یە بۆ ئەوەی خەڵكی روو لە رۆژنامە و گۆڤار و كۆڕ و شانۆ و هونەر و خوێندنەوە بكەن بەڵام دەیان پرۆژەی بازرگانی هەیە بۆ ئەوەی دزی تیدا بكەن . گەورەترین كاری گەنجولاوان بێكاری یە بەڵام خزمەتكاری سودانی و سۆماڵی و بەنگلادیشی و ئەسیوبی و فلیپینی و تایلاندی و عارەبی لە شارەكەم كاردەكەن . دەرچووی زانكۆ وا شەقامەكان دەپێووی و لە سێ كلاسی قوتابیانی دەرچووی زانكۆ ، چوار یا پێنج دانەی كوڕە یا كچە لێپرسیاو وحیزبی كاردەكات و ئەوانەی تر بۆخۆیان ئەگەر كاری تایبەت بدۆزنەوە ئەوا خۆیان بە شای هەولێر دادەنێن ، ئەگەرنا لە سەر شەقام و لە سوپەرماركێتەكان دەسوڕێنەوە .ئەو گەنجانە لەشەرمی دەست پانكردنەوە لە دایك و باوك حەز دەكەن پشت لەهەولێر بكەن و لە وڵاتێكی ئەوروپایی بحەسێنەوە. بۆ ئەوەی كوڕە یان كچە بتوانێ یارمەتی ماڵەوە بدات یان هەرنا دەستیان لەبەر پان نەكاتەوە . ئەو هەمووە گەنجە جوانە خۆ دەسوتێنێ یا خۆی دەكوژێ كەس بۆیان باس ناكات هۆی چی یە و چارەسەری چی یە .پزیشكەكانی دەروون ناسی بۆخۆیان پێویستیان بە دڵراگرتن و دڵدانەوەیە .ئەو خەڵكە ئەوەندە بێزارە هەر ئاوا دەكات دەڵێت دەبا بمرم كەچی هیچی لە ژیانیش نەبینیووە و بێزاری پێووە دیارە . ئەو گەنجانە پێیان سەیربووكە دەمگووت حەز دەكەم 300ساڵ بژیم و حەز لە مردن ناكەم . باسی جوانی و خۆشی ژیانم دەكرد بۆیان و پێم دەگوتتن خۆیان ببەستنەوە بۆ ئەوەی لەكاتی لێخورین و كارەساتدا ژیانتان سەتاحەفتا پارێزراوبێت ، هەندێكم فێرە ئەو خۆ بەستنەوە كرد ئەگەرچی لە سەرەتادا كە پێم دەگوتن خۆتان ببەستنەوە { دەیان گووت جا بۆ خۆمان ببەستینەوە هەر دەمرین با زووتر بمرین باشترە لەو ژیانە ناخۆشەی تێدا دەژین} . ئەو گەنجەجوانانە پێوستیان بە بەرنامەی ژیانە بۆ ئەوەی هەست بكەن ئەركی سەرشانیانە بۆ ئەوەی وڵاتەكەیان ئاوەدان بكەنەوە و بەشداری بكەن لە دروست كردنی ئەو شارە. ئەوانەی بە دروش راتب لە دەوڵەت وەردەگرن و ناویان لێنراوە [فەرمانبەری پەنادیواران] لە ژیانی خۆیان بێزارن . خەڵكیان فێركردووە ئێرەیی بە یەكتر بەرن . دوو نووسەر یا دوو فەرمانبەر یا دوو مامۆستا یا دوو كادیر ...هتد ، هەریەكە لە ناوچەیەك پارچە زەوی وەرگرتووە لە دژی یەكتر دەخوێنن لەبەر ئەوەی {ئەلف} لە ناوچەیەكی باش وەریگرتووە و{ با}ش لە ناوچەكی خراپ یا بڵێن ئەوەی ئەلف چواردەفتەر{40000هەزاردۆلار}دەكات و ئەوەی با هەر دوو دەفتەر

{20000هەزار دۆلار} دەکات . جا ئەوەی با دەیگوت ئەلف لەگەڵ کارمەندەکە دەستی تێکەڵاوە بۆیە ئەوەی ئەم باشترە یا پیاوی حیزبە و سەر بە فلانە سەرکردایەتی یە بۆیە ئەوەی وەرگرتووە . دۆلار ژماردنیش لە کوردستان ناوی لێنراوە وەکو ئوتومبیل و مۆبایلیش ناوی خۆیان هەیە .مام جەلال تاڵەبانی و کاکەمسعود بارزانی بوینە مۆبایل وناویان هەیە . سیسرکە و مۆنیکا و مەرزیە و عارەب عوسمان بوینە ئۆتۆمۆبیل و ناویان هەیە . ئەو مۆبایلەی لای من بوو کە {نۆکیا3310}بوو ناوی ببووە [سەرکەسابوون]. کابرای خاوەن کتابخانەی سەیری پێم دەهات ئەو هەمووە کتابە دەکرِم و بۆ ئەوروپاش دەبەمەوە . کتابی چاپکراوی نووسەرانم بینی چۆن هەتک کراوە و لەچاپدراوەتەوە بەلاّم بە کۆپی کردن و بە چاپی ناشرین ، تەنها بۆ پارە پەیداکردن ، کەس ناپرسی کێ ئەو دەسەلاّتەی داوە بە کۆپی کردن و چاپکردنیان . گۆرانی بێژ لەدەست کۆپی کردنی سیدی یەکانیان هاواریان دەچێتە پەرەکەی ئاسمان ، کەسیش سکالاّیان چارەسەرناکات و گۆرانی یەکانیان لەسەر شەقامەکان پیاسە دەکات . بەرنامەی کۆمپیوتەری کامەت دەوێت ، بە کۆپی بە [نرخی دۆلارێک یا کەمتر لە دۆلارێک ، کە تەنها 1000دینار] بەدەستت دەکەوێت . کەس لەوبازارە ئازادە بەرپرس نی یە . لە پۆستەخانە کارمەندەکە پێیی سەیربوو [نزیکەی 140000دینار]هەقی پۆست دەدەم بۆ ئەوەی ئەو کتابانە رەوانەی ستۆکهۆڵم بکەمەوە و کەچی هیچ [بەهارات و کەنگر و تۆلکە و دیاری رەوانە ناکەمەوە ]. بەو ئافرەتەم گووت هەندێک پوولی جوانیش بۆم بخەرە نیوان کتابان با بۆ یادگاری لام بمێننەوە، ئەوانەش هەندێک لە جۆری پوولەکانی هەرێمی کوردستانە .ئێستاکە وەکو جاران خەڵک کتابان بەدەستەوە ناگرێت . جاران شانازیمان دەکرد کە کتابەکی تازە بهاتبایە [کتابخانەی تەئمیم لای برایانم رەحمەتی ئەحمەد و ئازاد و جومعە ] بۆ ئەوەی دانەیەکمان دەست بکەوێت و لە چایخانەی شیرین و مەچکۆ و گازینۆی سەفین و شەوانی هەولێر نیشانی یەکتری بدەین و هەریەکەش نۆرەی خۆی بۆ بگرتبایە بۆ ئەوەی بیخوێنیتەوە . هەنووکە کە باسی کتابانم دەکرد هەتا ئەو برادەرە کۆنانەشم ئەوەندە بەو هەستوسۆزە باسی کتابیان نەدەکرد و هەواڵی خوێندنەوە و دەرچوونی بەرهەمی تازەیان نەدەکرد . بۆ ئەوەی کۆستی دڵم دابمرکێنم زیارەتی پەرتوکخانەکەی مامۆستای نووسەر [ممتاز حەیدەری]م کرد و ماوەیەک تێیدا حەسامەوە .کاک ممتاز هەر خەریکی کۆکردنەوەی پەرتووکە و ئێستاکەش گۆڤارێک دەردەکا بە ناوی کوردستان 21.

مامۆستا { زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی } کتابەکەی بەناوی {بیرەوەریەکانم لە سالانی 1943 ـ 1977 دا} بە تیراژی 2000 دانە ، لە [چاپخانەی رەهەند ـ سلێمانی] کە [ژمارەی سپاردنی [985]لە وەزارەتی رۆشنبیری ـ هەولێر پێدراوە] ، چاپکرد و بلاّوکردەوە . رەنگە تاقە کتاب بێت کە لە بازاردا بە نرخی خۆی دەستت ناکەوێت و نەماوە . دەبێت خەڵک بناسیت بۆ ئەوەی لەژێرەوەی مێزەکان بۆت پەیدابکەن و بە نرخێکی قاچاغچیانە واتە چەند قاتێک لە نرخی خۆی گرانتر دەستت کەوێت . ئەوە بۆ بازاری نووسەر کارێکی باشە و ئەگەر قازانجەکە بکەویتە گیرفانی نووسەر ، شتی باشە . بەلاّم رەنگە هەر ئەو دەستانە قازانجی لێبکەن کە لە بازاری رەشدا دەیفرۆشنەوە. مامۆستا زرار بۆخۆی باسی ژیانی خۆی و خێزانی و مەلا مستەفای بارزانی و کۆماری دیموکراتی کوردستان و گەلێک شتی کردووە . کتابەکەی کردۆتە [دوازدەبەش] و پێشەکی و ئەلبومی وێنەکان . سەرجەمی[ 506 ]لاپەرەی فوڵسکاپە . ئەو کتابە گوایە ماڵی بارزانی و پارتی نارەحەت کردووە و دەستیان بەسەر کتابەکە داگرتووە و لەبازاریان کریووە و هەڵیانگرتۆتەوە . هەر دوای بلاّوبونەوەی کتابەکەی ، نووسەر مامۆستا زرار کەوتۆتە بەر هەرەشە و نارنجۆکێک فرێدرایە ماڵەکەیان ، بەلاّم شوکور خۆی و کەسوکاری سەلامەت بوون . بۆ ئەوەی هەواڵەکە بەراست و دروستی بمێنێتەوە ، وا لە خوارەوە دەقی هەواڵەکەشم بلاّوکردۆتەوە ، بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت . مامۆستا زرار وای لە لاپەرە 476 ی کتابەکەی نووسیووە : { سوپاس و پێزانین } {{ بە دڵێکی پر لە سۆزەوە سوپاسی هاورێی ئازیز و تێکۆشەر ، نووسەر و ئەدیبی بە توانا مامۆستا (جەلال دەباغ ) دەکەم ، کە ئەرکی بەسەر داچوونەوە و سەرپەرشتی چاپکردنی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆی خۆی ، کە توانی توانا و شارەزایی خۆی بەکار بهێنێ بۆ زیاتر جوان کردنی ئەم پەرتووکە لە رووی زمانەوانی و ئەدەبییەوە ، کە شوێن پەنجەی بەسەر ئەم پەرتووکەوە دیارە ، دووبارە لە دڵەوە سوپاسی دەکەم . لەگەڵ رێزمدا .... زرار سلێمان دەرگەڵەیی . {{ 2003/10/5

هەر بۆ ئەوەی خوێنەر مامۆستا زرار بناسێت وا ئەو چەند دێرەی لە ژیاننامەی دەنووسمەوە کە لەبەرگی دواوەی کتابەکەی چاپی کردووە .{{ [نوسەر لە چەند دێرێک دا] لە ساڵی 1927 لە گوندی ماویلیان سەر بە قەزای رواندز لەدایک بووە ...لە مانگی 1946/4 لە ریزی سوپای عێراق رای کردوە ، لە زارگەلی عەلی بەگ کۆمەڵێک چەکی بردون و چۆتە ریزی سوپای میللی کوردستان لە مەهاباد . دوای تێکچونی کۆماری کوردستان لە کۆتایی ساڵی 1946 دا لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان

**ڕووبەڕووی سوپای هێرش هێنەر وەستاوە و هەتا 1947/4/17 لەوێوە لەگەڵ بارزانی مستەفا بەرەو سۆڤیەت ڕۆیشتوە زیاتر لە دوازدە ساڵ لە سۆڤیات بووە ، دەرچووی زانکۆی ئاسیای ناوەڕاستە ، پسپۆڕە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان . لە ساڵی 1959 گەڕاوەتەوە نیشتمان لە ڕواندز بۆتە مامۆستا ، لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە کاردەرکراوە وەک پێشمەرگە لە زۆربەی شەڕەکانی بەرگری لە خاک و نیشتمانەکەی بەشداری کردوە بەتایبەتی لە شەڕەکانی سپیلک ساڵی 1963 کورەک 1965 هەندرێن 1966 . لە دوای ڕێکەوتننامەی 11ی ئازاری 1970 گەڕاوەتەوە سەرکار لە هەردوو کۆنگرەی هەولێر و بەغدای یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی بەشداری کردوە . لە ساڵی 1973 لە کاتێکدا حزبی شیوعی لەگەڵ بەعسیەکان ڕێک کەوتون چۆتە بەغدا ، بەڵام لەو دەمەوە پەیوەندی بە حزبی شیوعییەوە نەماوە . لە ساڵی 1979 گەڕاوەتەوە هەولێر خۆی نەداوەتە دەست بەردەوام پەیوەندی بە کوردە نیشتمان پەروەرەکان هەبووە ، لە ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری 1991 بەشدارییەکی کاریگەری هەبووە لەتەک پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی لە ڕزگارکردنی هەولێر و کەرکوک . ماوەیەک ئەندامی بەرەی کوردستانی بووە لە سۆران وەکو نوێنەری حزبی شیوعی ، لە ڕێکوپێکی کارەکانی بەرە دەورێکی باشی هەبووە . لە ساڵی 1993 لە کۆنگرەی یەکەمی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی و دواییش بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کار هەتا هەڵوەشانەوەی ئەو پارتە . لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان و عێراق وتار و لێکۆڵینەوەی مێژویی و سیاسی بڵاوکردۆتەوە . نامیلکەیەکی بەناوی بنەماڵەی میرانی دەرگەڵە بڵاو کردۆتەوە ، چەندین دەستنوسی تریش تاکو ئێستا بە چاپ نەگەییون .}}. هیوادارم تەمەنی مامۆستا زرار درێژ بێت و ئەو دەستنوسانەی لەلای ماوە بڵاویان بکاتەوە بۆ ئەوەی نەوەی تازە سوودی لێوەربگرن و پەرتوکخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بکات . هەر نووسین و دەستنووسێک بڵاو بکرێتەوە ، بۆ مێژوونوسانی گەلەکەمان سوودبەخش دەبێت بۆ ئەوەی مێژووەکی راستورەوان بۆ ئەو میللەتە بەستەزمانە بنووسرێتەوە . دەبێت لە هەرێمی کوردستان ئازادی نووسین فرەوان بکرێت بۆ ئەوەی نووسەرەکان بتوانن بە ئازادی خۆیان شتەکانیان بنووسنەوە . جارەکی تر پڕ بەدڵ سوپاسی شاعیری تێکۆشەر مامۆستا هاوڕێ ئەحمەد دڵزار دەکەم کە ڕۆژی 2008/5/2 ئەو کتابەی پێشکەش کردم و منیش وەکو دیاری یەکی ئەو تێکۆشەرە لەگەڵ خۆم هێناوە سوێد .**

فەهد گردەوانی **2008/6/15**ستۆکهۆڵم

بۆ ئەوەی زیاتر زانیاری پەیدا بکەیت دەتوانی سەیری ئەو سایتانە بکەی :
http://www.klawrojna.com/content/view/13619/182/
http://www.kurdistanreport.com/detail.aspx?page=articles&c=news&id=8579
http://www.jehansat.com/news.php?readmore=210

نارنجۆكێك فڕێدرایە ماڵێكەوە



## چەند کەسێکی نەناسراو لە سۆران نارنجۆکێك فڕێدەدەنە ماڵێکەوە

**PUKmedia ئیسماعیل شەمزینی 2007-12-12 14:06:49**

کاژمێر 7:30 خولەکی شەوی رابردوو لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە نارنجۆکێك فڕێدەدرێتە ماڵی "زرار سلێمان بەگ" کەسایەتی ناودار لەقەزای سۆران، بەڵام جگە لە زیانی ماددی، زیانی گیانی لێنەکەوتۆتەوە.

لەوبارەیەوە شادمان کوری ناوبراو پێی راگەیاندین :ئەو کارە کارێکی تێکدەرانە بووەو ئەو کەسانەی ئەو کارەیان کردووە مەبەستیان تێکدانی ئاسایشی قەزای سۆرانە، ئاماژەی بەوەشدا کە ئەوان کێشەی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ هیچ کەسێکدا نیەو گومانیش لەهیچ کەسێك ناکەن، تەنها ئەوە نەبێت کە خەڵکێکی ئاژاوەگێر دەیانەوێت باری ئەمنی قەزاکە لەرێگای ئەو کارە ترسنۆکانەوە تێکبدەن.